

# کۆتر و مێروولە

جارێکیان کۆترێک بۆ ئاوخواردنەوە لەسەر کەناری ڕووبارێک هەڵدەنیشێت. لەپڕ چاوی بە مێروولەیەک دەکەوێت کە کەوتۆتە ناو ڕووبارەکەوە و خەریکە دەخنکێت. کۆترەکە دڵی بە مێروولە هەژارەکە سووتا و چیلکە دارێکی بۆ هاویشتە خواری تا خۆی پێوە بگرێتەوە. مێروولەکە سواری چیلکە دارەکە بوو و بەم چەشنە لە خنکان ڕزگاری بوو. مێروولەکە دوای ئەمە سوپاسی لە کۆترەکە کرد و درێژەی بە ڕێگای خۆیدا.

پاش ماوەیەکی کەم کۆترەکە فڕیە سەر دارێکی نزیک ڕووبارەکە، بەڵام ئاگای لێ نەبوو کە ڕاوکەرێک خۆی لێ ماتداوە و دەیەوێ ڕاوی بکات.



مێروولەکە کە ئەمەی بینی بەخۆی وت: ئەو کۆترە منی لە خنکان ڕزگار کردووە، منیش دەبێ بەپێی توانام بە هانایەوە بچم و حەولی ڕزگارکردنی ئەو بدەم. پاشان خێرا خۆی گەیاندە ڕاوکەرەکە و توند لاقی گەست. ڕاوکەرەکە ئاوڕی دایەوە و ئاگای لە کۆتر نەما. لەو کاتەدا کۆترەکە فڕی و لە پاداشتی ئەو باشیەدا کە لەگەڵ مێروولەکەدا کردبووی لە سیلەی تیری ڕاوچی ڕزگاری هات.

 Copyright © Kurdi.fi

⁕ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

مێروولە: مێرو، مرۆچە، مێروچە
کۆتر: کابۆک، کاڤۆک
کەنار: قەراخ، ڕۆخ
ڕووبار: چۆم، چەم
لەپڕ: لەناکاو، گورزوگومەت
هەژار: 1. فەقیر، بەستەزمان 2. نەدار
خێرا: بەلەز، بەپەلە

هەڵنیشتن: نیشتنی باڵندە و پەلەوەر
لەو کاتەدا: لوی چاخیدا، لەو دەمەدا
دڵی بۆ سووتا: زگی پێسووتا، بەزەیی پێدا هاتەوە
ڕزگاری کرد: 1. نەجاتی دا 2. ئازادی کرد
ماوە: وەخت، کات
ڕاوکەر: ڕاوچی، نێچیروان، ڕاڤەڤان
سیلە: 1. نیشانە 2. گۆشە

---

⁕ پرسیار

1. کۆترەکە لە ڕووبارەکە چی دەکرد؟ ..........

..........

2. کۆترەکە چی بۆ مێروولەکە کرد؟ ..........

..........

3. مێروولەکە دوای ڕزگاربوون چی کرد؟ ..........

..........

4. کێ خۆی لە کۆترەکە مات کردبوو؟ بۆ؟ ..........

..........

5. مێروولەکە چی بەخۆی وت و چی کرد؟ ..........

..........

..........

..........

..........


Copyright © Kurdi.fi

⁕ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بە کار بێنە:

کۆتر ........................................

ئاشتی ........................................

ئازاد ........................................

ئازادی ........................................

خنکان ........................................

هانا ........................................

فڕین ........................................

هەژار ........................................

خێرا ........................................

---

⁕ هەر کام لەم وشە دوانانەی خوارەوە دوو جار بنووسەوە:

مارومێرو ........................................

داروبەرد ........................................

ڕەش‌وسپی ........................................

گژوگیا ........................................

شێرومێر ........................................

شاخ‌وداخ ........................................

هات‌وهاوار ........................................

زاق‌وزیق ........................................

وردودرشت ........................................

Copyright © Kurdi.fi